# بۆچی تاڵەبانی ئیمزای لە سێدارەدانی سەدام ناکات؟!

## محسن کریم

وەڵامی تاڵەبانی خۆی ئەوەیە کە" *مەبادیئی ڕێگای نادات ئیمزای ئەم بڕیارە بکات، چونکە پارێزەرو بەرگریکاری مافەکانی مرۆڤەو دژی سزای لە سێدارەدانە"!*

کێ بڕوا بەم قسەیە دەکات!؟ ئایا ریزەکانی یەکێتی نیشتمانیو سەرکردایەتیو خودی تاڵەبانیش لە ناخی خۆیداو دوور لەچاوی کامێرای کەناڵەکانی ڕاگەیاندنو پڕوپاگەندەی سیاسیو ئیعلامی، بڕوایان بەم قسەیە هەیە!؟ من پێم وا نیەو لەمەش دڵنیام! بە سادەیی لەبەرئەوەی تاڵەبانی هیچ کات هەڵسوڕاوێکی بواری مافەکانی مرۆڤ ( بە پێناسە کورتو کوێرە بۆرژواییەکەشی) نەبووە. بەدرێژایی تەمەنیشی هەڵسوڕاوی هیچ ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤ نەبووە، ئەمە ئەگەر ڕێکخراوێکی لەمجۆرەش لە کوردستاندا هەبووبێت! بەپێچەوانەوە دەیان ساڵە بەرپرسو سکرتێری یەکەمی حیزبێکی میلیشیاییە کە چەندین شەڕی لەگەڵ لایەنە نەیارە سیاسیەکانی خۆیدا کردوەو هەزاران کەس لەم جەنگە خوێناویانەدا گیانیان لەدەست داوە.

مێژووی سیاسی تاڵەبانی وەکو شەخسیەتێکی سەرەکی لەبزووتنەوەی کوردایەتیدا لە دەیەی شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە لەگەڵ شەڕو کێشەی خوێناوی لەگەڵ باڵێ زاڵی ناو ئەم بزووتنەوەیە( بزووتنەوەی بارزانی)دا دەست پێ دەکات. بڕیاردان لەسەر بەرپاکردنی شەڕ لەگەڵ لایەنەکان تەنها بە ئیمزای تاڵەبانی کراوەو دەکرێت. ئەمە مەنتقی هەموو میلیشیای چەکداری بزووتنەوەی کوردایەتیو حیزبە میلیشییە بۆرژواییەکانە. جارێکیشیان برادەرێکی سەرکردایەتی حیزبەکەی تاڵەبانی ئەم ڕاستیەی درکاند!

کوشتنی ئەو دیلانەی لەشەڕدا دەگیران ( چ لە شەڕەکانی لەگەڵ نەیارانی سیاسیدا یان لەشەڕ لەگەڵ هێزەکانی ڕژێمدا) بە تایبەتی ئەگەر لەو شەڕەدا لە هێزەکانی یەکێتی کوژراوو بریندار هەبوایە، تەقلیدێکی جێگیر و یاسایەکی پەسەندکراوی قابیلی جێبەجێکردن بوو لە مەیدانی شەڕدا.کێ دەزانێ چەند کەسی دیکە بە بڕیارو پیلانی تاڵەبانی لەناو ریزی حیزبەکەی خۆیدا تەسفیە کراون؟!

کارەساتی پشت ئاشانو وورگ دڕینی ژنی سکپڕو قەتڵو عامی ئەندامو چەکدارەکانی حیزبی شیوعی بۆ ڕازیکردنی دڵی ڕژێمی بەعسو بە خاتری "گفتوگۆی بەهاری 1984"، قەتڵو عامی هێزەکانی پەکەکەی هاو نەتەوەو هاوخوێنی خۆیان لە بەر دڵی دەوڵەتی نەتەوەپەرستی تورکیا بەهاوبەشی لەگەڵ حیزبەکەی بارزانیدا وەکو مژدەی یەکەم حکومەتی محەلی ناسیۆنالیزمی کورد، تیرۆرکردنی ئاشکرای حەمەی حەلاقو هاوڕێکانی لەسەیتەرەکەی کۆیە بە سەرپەرشتی جەبار فەرمان، تیرۆرکردنی ئاشکرای (5) کادری حیزبی ئێمە لە شاری سلێمانی بە سەرپەرشتی"کاکە نەوەی برادەرو دڵسۆزی دێرینەی تاڵەبانی"، و... دەیان نمونەی دیکە بە بێ ئاگاداریو ڕەزامەندی تاڵەبانی کراوون یان ئەم سیاسەتمەدارە پارێزەرەی مافی مرۆڤ لەو

کاتەدا"ئیجازەبووە"و خۆی ووتەنی: *"خۆی چووەتە هۆلیدەی و کارەکەی جێهێشتووە بۆ کەسانی دیکە"* وەکو جەبار فەرمان و نەوشیروان موستەفاو..تاد.
من بیستبووم تاڵەبانی کاتێ بیەوێ پەلاماری حیزبێك بدات خۆی دەچێتە دەرەوەی وولات بۆ سەردان و پشوودان، دەستوپێوەندەکانیشی کارەکە بەرێوە دەبەن. ئەگەر هەڵە نەبم کاتی شەڕ لەگەڵ پەکەکە تاڵەبانی لە دەرەوەی کوردستان بوو. کاتی لێدانی پارتی کارو تیرۆرکردنی حەمەی حەلاق لە سوریا بوو. کاتی پەلاماردانی حیزبی ئێمەش، کە لەمەیان هیچ گومانێکم نییە، لە تاران بوو وە لەگەڵ بەرپرسی دەزگای ئیتلاعاتی ئێرانیدا فەرمانیان بە نەوشیروان دا کە ئەو تاوانە ئەنجام بدەن. ئێستا تاڵەبانی بە زمانی خۆی لە چاوپێکەوتنەکەیدا لەگەڵ کەناڵی BBC دا لە پەیوەند بەئیمزاکردنی بڕیاری لەسێدارەدانی سەدامەوە ئەم مەسەلەیە تەئکید دەکات و دەڵی:*"رەنگە بچمە هۆلیدەی و کارەکە بۆ دوو جێگرەکەم( واتە دوو جێگرەی سەرۆك کۆمار) جێ بهێڵم"!*
با زیندانە بەدناوەکەی قەلاچوالان و دەزگای زانیاری لەولاوە بوەستێ کە تاڵەبانی لە نزیکی بارەگای سەرەکی خۆیەوە دایناوە. رەنگە بۆ ئەوە بێت کە لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی مافی مرۆڤ بێت لەم زیندانەدا، چونکە خۆی دەزانێ زیندانوانەکان و تەعزیبچیەکانی چی بەو زیندانیانە دەکەن!! با سەدان ئیمزای گوللە بارانکردن بوەستێ کە لە ژیانی سیاسیی خۆیدا وەکو سکرتێری حیزبێکی چەکدارو لەماوەی حاکمیەتی حیزبەکەشیدا لە 13 ساڵی رابردوودا بە ناوی جۆراوجۆرەوە ئەنجامی داون. ئەمانە هەمووی مەلەفی تاڵەبانی لە بواری پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤدا وەکو "پارێزەر" یەك و سیاسەتمەدارێکیش قورستر و گرانتر دەکات!
(3) ساڵ لەمەوبەر تاڵەبانی لە ژێر فشاری رای گشتیدا لە سلێمانی، لەسەر رووداوی رفاندن و تیرۆرکردنی خوشکەکانی مهاباد عبداللە لەلایەن چەکدارەکانی سالە موزەلی(بەرپرسێکی چەکداریی یەکێتی)یەوە هاتە قسە (مهابادیش هەر لەلایەن سالە موزەلیەوە نزیکەی (7) ساڵ لەوەپێش تیرۆرکراوە)، ووتی: *" من ئەگەر بۆ ئیمزای لە سێدارەدانی کەسانێکی تاوانبار لە سەر تاوانی دیکە چەند جار بیر بکەمەوە تا ئیمزای بکەم ئەوا بۆ لە سێدارەدانی ئەوانەی ژن دەکوژن و تیرۆری دەکەن بەچاونوقانەوە ئیمزای دەکەم!"* . تاڵەبانی ئەو کات بۆ پروپاگەندەو روو سپی کردنەوەی خۆی و حیزبەکەی ئەم قسەیەی کرد، گوایە ئەوەندە دژی تیرۆری ژنانە! بەڵام دەکرێت ئەو پرسیارە لە تاڵەبانی بکرێت کە ئایا سەدام لە سالە موزەلی بێتاوانترە!؟ بە پێی پرەنسیپە مرۆڤدۆستیەکانی تۆ کامیان شایەنی لە سێدارەدانن!؟ تاڵەبانی ئەو کات نەیووت من دژی سزای لە سێدارەدانم، هەر ئەوەندەی ووت کە بۆ ئیمزای جۆرە تاوانێك زیاتر بیری لێدەکاتەوە و بۆ جۆرێکی دیکەش بەچاونوقاندنەوە دەیکات!
من دژی سزای لە سێدارەدانم. لە بەرنامەی حیزبەکەشمدا ئەمە راگەیەنراوە و بۆ نەهێشتنیشی تێ دەکۆشین. تەئیدی لە سێدارەدانی هیچ تاوانبارێك ناکەم. لەگەڵ

سزای له سێدارەدانی ساله موزەلی نەبووم‌و ئێستاش نیم، لەگەڵ له سێدارەدانی سەدامیشدا نیم. بەڵام لەگەڵ ئەوەدام که کۆمەڵگا لەخراپکاری‌و تاوانکاری ئەم تاوانبارانه بپارێزرێت. من لایەنگری دادگایی ئاشکرای ئەو تاوانبارانەم، لایەنگری زیندانیکردنیانم، لایەنگری دادگایی‌و زیندانیکردنی سەدان تاوانباری دیکەم، هەم له ریزی رژێمی تاوانباری بەعس‌و هەم له ریزی ئەم حیزب‌و میلیشیایانەدا که ئێستا حوکمی عێراق دەکەن‌و چەندین تاوانیان دژی خەڵك ئەنجام داوە. یان ئەوانەی ئاسایش‌و ئازادی‌و نان‌و بژێوی خەڵك دەخەنه مەترسیەوەو... تاد.، بەڵام لایەنگری دادگایی کردنی ئاشکرای ئەوانەم تا تاوانەکەیانیان بۆ خەڵك ئاشکرا بێت‌و ئەوە دیار بێت کەلەسەر ئەنجامدانی چ تاوانێك زیندانی دەکرێن....تاهیچ کەسێك له پەناوە له لایەن دادگای تایبەتی‌و سەربازی‌و به بڕیاری سەرکردایەتی حیزبەکان له سێدارە نەدرێ‌و گولله باران نەکرێ، یان له کونجی زیندان نەخزێنرێ‌و کەس ئاگاداری نەبێت، وەکو ئەوەی تائێستا حیزبەکەی تاڵەبانی کردویەتی‌و دەیکات. بەڵام بۆچی تاڵەبانی له بەختی ساله موزەلیدا بوو به لایەنگری سەر سەختی له سێدارەدان (هەڵبەت نەمبیستووە که ناوبراو له سێدارە درابێت)، کەچی له کاتی سەدامدا به کەمپی دژی له سێدارەدانەوە پەیوەست بووە!؟

بەبڕوای من تاڵەبانی له ناخی دەرونیەوە حەز دەکات سەدام له سێدارە بدرێ. ئەوەتا بەبێ‌ئەوەی ئاگاداری قسەکانی خۆی بێت له بارەی مەبادیئەوە دەڵێ: "*پێم وایه ئەگەر سەدام کۆتایی پێ بێت، ئەوا زۆر له لایەنگرەکانی ئەو ئومێدە له دەست دەدەن که پێیان وایه رۆژێك دەگەرێتەوە"* . بەڵام تاڵەبانی نایەوێ خۆی ئیمزای ئەو" کۆتایی هاتن"ەی سەدام بکات. تاڵەبانی دەیەوێ کەسانی دیکه له جیاتی ئەو بڕیارەکە بدەن، چونکه راستیەکەی ناوێرێ ئەو بڕیارە خەتەرە بدات. دەنا رووپۆشی مافی مرۆڤو مەبدەئو دژایەتیکردنی حوکمی له سێدارەدان تەنها پروپاگەندەیەکی سیاسی‌و ئیعلامی‌یەو هیچی دیکه. نه کەس بڕوای پێ دەکات‌و نه خۆشی بڕوای پێ‌یەتی!

تاڵەبانی له ناسیۆنالیزمی عەرەب دەترسێ. من ئەو بەڵگانه به هۆکاری جدی نازانم بۆ ئەم هەڵوێستەی تاڵەبانی که مێژوویەك لەگەڵ سەدامدا دۆستایەتیان هەبووەو وەکو سەرۆکی خۆی تەماشای کردوەو تەشەبوسی پێکردوەو لا ملی ماچ کردووەو تاد. به بڕوای من دوو دڵی یان ترسی تاڵەبانی له ئیمزاکردنی بڕیاری له سێدارەدانی سەدام، ترسه له ناسیۆنالیزمی عەرەب. سەدام شەخسیەتێکی بەرجەستەو گرنگ‌و سەرۆکێکی دەوڵەت‌و سیاسەتمەدارێکی ناسیۆنالیزمی عەرەب بووە. هەر چەندە که ئاشکرابوونی تاوانەکانی رژێمی بەعس بۆ رای گشتی جیهانی‌و دنیای عەرەب، له پاڵ جێگەورێگەی نالەباری جیهانی‌و ناوچەیی ناوخۆیی ناسیۆنالیزمی عەرەب‌و دەسەڵاته سیاسی‌و دەوڵەتەکانی، ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەی له عێراقدا له چاو جاراندا لاواز کردووە، بەڵام مەوقعیەتی ناسیۆنالیزمی کوردو حیزبەکەی تاڵەبانی‌و خودی تاڵەبانیش لەو جێگەورێگه سیاسی‌وستراتیژی‌یه جیهانی‌و ناوچەیی‌و تەنانەت ناخۆیی له ئاستی

بزووتنەوەی کوردایەتیشدا بەهرەمەند نییە کە جورئەتی دانی بڕیاری وای هەبێتو ئامادەش بێت بۆ تەحەمولکردنی ئاکامو عاقیبەتە سیاسیو تەنانەت لە داهاتوودا سەربازیەکانیشی... تاڵەبانی لە پاڵ وجودی ئەمریکادا و بە شێوەیەکی کاتیو مەحدود لە سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا جیگایەکی وەرگرتووە کە هیچ زەمانەتێکی ئایندەیی نییە. تاڵەبانی خۆشی باش ئەمە دەزانێو لەئایندەی سیاسی بزووتنەوەکەی لای ئەمریکا دڵنیا نییە. تەجروبەی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی 974ی بارزانی هەیە. ڕێکهاتنەوەیەکی بەرژەوەندی ئەمریکاو ناسیۆنالیزمی کورد تاکتیکیو کاتیو کورتماوەیە نەك ڕێکهاتنەوەیەکی ستراتیژی. ئەگەری کۆتایی هاتنی ئەم ڕێکهاتنەوەیەش ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوە. بڕیاری لە سێدارەدانی سەدامیش، بە بڕوای من، خزانە بۆ ناو جەنگێك لە گەڵ ناسیۆنالیزمی عەرەبدا کە تاڵەبانی نە خۆی نە حیزبەکەیو نە بزووتنەوەکەی بە ئەهلی ئەوە نازانێ!بۆیە خۆی لە قەرەی ئیمزای لەوجۆرە نادات! ئەمە حیکمەتی سیاسی ئەم"پرەنسیپە ئینسانیە تازەیەی سەرۆك تاڵەبانییە"!